# نۆژەن

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)

قۆپچەکانیان دەکەمە ئەستێرە، کراسە کۆنەکانم؛
خۆشیان، ئاسمانێکی تەلیسماوی،
یان سەر بە تەم

❊❊❊

ئەو ڕۆژانە دێنمەوە یادی پانتۆڵە پەڕپووتەکانم
کە لەگەڵما هاتنە جێژوان و
پێکەوە چووینە سەیران و ئاهەنگ ؛
نە ئەوان ئوتوویان دەشکا و نە منیش غروورم،
ئەوجا دەیانکەمە سەرینێکی ڕەقوتەق
بۆ بینینی خەونی نەرمونۆڵ

❊❊❊

پێڵاوە کۆنەکانم کەڵکیان ماوە،
دەیانکەمە ئینجانەی گوڵی بۆنخۆشی وەفا

❊❊❊

گوڵدانە فەرامۆشکراوەکە،
بەرانبەر نیگەرانیی خۆم دادەنێم و
تا خۆی دەڵێت بەس،
چڵەشیعری تێ دەکەم، چڵەشیعر

❊❊❊

گڵۆپە سووتاوەکان ڕیز دەکەم،
دەیانکەم بە حەوزی بچکۆلە.. بچکۆلەی ڕووناکی
تا هەمیشە تەڕ بن بە ژیان

❊❊❊

پەرداخە شکاوەکان لەسەر مێزەکە دادەنێم
سواغیان دەدەمەوە بە ماچ
ناهێڵم تەنیایی پەرشیان کات، ئەو عاشقانە

❊❊❊

کڵاو و جامانە بەجێماوەکەی باوکم دەکەمە خێر
چۆلەکەکان بیکەن بە نیشتیمانی زەڕنەقووتە

❊❊❊

لە بوخچەکەی دەردێنم و
چەفتەکەی شانی دایکم دەکەمە چەتر،



چەترێکی وەنەوشەیی، بەسەر دوو عاشقی خەوتووەوە
لە تابلۆیەکی گەورەدا

***

دەنکەشقارتە سووتاوەکان،
دەکەمە باڵەخانەیەک، دەستی جەنگەکانی پێ نەگەشتبێ و
ئارام.. ئارام، ئاوەدانی لێ بباریێت

***

کورسییە قاچ شکاوەکە دەبەمەوە بالکۆن،
با، هەستێتەوە سەر پێی خۆی و
بە پەرداخێک "بیرە"وە بڕوانێتە ئارامیی دەریاکە

***

تۆزی سەر ڕادیۆکە دەسڕم و
دەیخەمەوە نێو تاقەکە،
نە، دەهێڵم خەیاڵی بچێتە لای مووی سپی لاجانگەکانی و
نە، بەربوونەوەی میوە خۆشەکانی ڕۆژانی هەرزەکاریی
بە دیار بێدەنگیکەیەوە سەری خۆشنوودیی بادەدەم
لەسەر ئاوازە بێدەنگەکەی، "زۆربا"یانە سەما دەکەم

***

سەعاتە شکاوەکەم،
دەکەمەوە دەستم،
پێنجی بەیانی، یەکتر بەئاگا دێنین و
بە یادی جاران، پێکەوە دەچینە نانکڕین

***

شووشە بەتاڵەکان لەوبەر خۆمەوە دادەنێم
دەیانخەمەوە ئەو خەیاڵەی کە هێشتا شەرابیان لێ
دەڕژێت
ئەوجا پێکەوە مەست دەبین،
ئەوان بە منەوە دەیگرن و
منیش بە گریانێکی شیرینەوە

**نیسانی ٢٠١٨ (کۆڵن)**